# مانگرتنی زانکۆکان و هەندێ شتی تر

هۆشیاری عەبدول عەزیز

مانگرتن و راوەستانەوە لەبەرامبەر لایەنی بەرپرسیار و دۆخی ئامادەبوو لەکات و قۆناغی خۆیدا یەکێکە لە بنەما و سترۆکتۆرەکانی هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنان و مەیسەرکردنی خواست و داخوازیەکان و ئەو وێستگە لەمپەرییییانەی کە دێتە پێشی ئەو کۆمەڵەیە. یان خێزان و پێکهاتەیەی کە لە چوار چێوە و بازنەی مانگرتنەکەدان و دەیانەوێ رەگەزەکانی گرفتەکانیان لە پێکهاتەی واقیعی شاردراوە بکەنە نێو پێکهاتێکی واقیعی زیندو بەرچاو. واتا مانگرتن بۆ خۆی بەدیوێکدا شەڕێکی لیبرالیانە و دیموکراسیانەیە بۆ بە دەستهێنانی خواست و ئامانجەکان و بەدیوێکی تریشدا شەڕێکی مارکسیانەیە بۆ بەرجەستەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئەو خواستە هەمیشەیانەی کە لە تێڕوانینی مارکسیزمدا بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دیاری کراوە . ئەم لێکدانەوەیە دەمباتە بەردەم ئەگەری ساتەوەختە مێژوویەکانی تێڕوانینە فیکری و فەلسەفیەکانی دۆخی رابردوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، چونکە سەرهەڵدان و دروست بوونی ویستی مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕین و دەنگ بەرزکردنەوە بۆ خۆی دەلالەتە لە ئامادەبوونی گرفت و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە پشتگوێ خراوەو بە بایەخەوە دەست لە چارەسەری وەرنەدراوە تا ئەو ئاستەی بۆ خۆی ئەو مەسەلەیە ببێتە بەشێك لە هەڵسو کەوتی ژیانی لایەنی بەرپرسیارو ئازاری بدات، مەسەلەیەکیش ئازاری پێ نەگەیاندین بەلای ئێمەی کوردەوە مەسەلەیەکی لاوەکییە و جێگای بیرکردنەوەو بایەخمان نابێ بەتایبەت ئەوکاتەی کێشەکانی پەراوێز خرابن و بەچاوی بەرپرسیارێتی تەماشا نەکرێ. لۆژیکی بیرکردنەوەش لەچارەسەر کردنی گرفت و کەم و کورتیەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا لێرەدایە و دەکارێ قسەی لەسەر بکرێ بەتایبەت لەسەر لابردنی بەرپرسیار کەمەسەلەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك بزوتنەوەی پاشگری خۆیدا مۆنۆپۆل دەکات و بیروکراتیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات و رەگەزەکانی حەقیقەت و راستی لەونێوانەدا دەشێوێ و شێوازێکی رەمزی و ناکامڵ دەبەخشێتە بزوتنەوەکە و دەرئەنجام لەئاستەکانی واقعی ئامادەبوودا تووشی ئیشکالیەت و کێشەی گەورە گەورە وبێ چارەسەر دەکات.

ئەم حاڵەتەش لەواقعی کۆمەڵگای کوردیدا و بەتایبەت واقعی دوای راپەڕین و سەرهەڵدانی پەرکەمی دەسەڵات و کێشمەکێش و ململانێی کورسی . حاڵەتێکی نامۆ نی‌یە و بگرە زۆریش ئاسایی و سووك تەماشا دەکرێت و جێ بایەخ نی‌یە . چونکە دەبینی زۆر لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتەکانی کۆمەڵگای کوردی و لە پێکهاتەی واقعی کۆمەڵایەتیەکاندا پاشگری حزبە و . حزبیش دەمڕاست و بزوێنەری پلەیەکی ئەرك و مهامی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەیە و بەبێ خواستی حزب کار کردن لەسەر هەرمەسەلەیەك بۆ خۆی رووبەڕووی کۆمەڵێك گێچەڵ و گرفتی دەکات و ناتوانێ سەربەخۆی خۆی بەدەستبێنێت. بەمەرجێك ئەم مۆدێلە لەبەرهەم هێنانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دا سەیرترین مۆدێلی ئەقڵی سیاسی کوردی یەو لەدنیادا نییە حزب راستەو خۆ و بەبێ هیچ پەردەو سیپارێك دەستی لەنێو و ناوەخنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت و بیانجولێنێ و وەك ئامرازێك بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی و میزاجیەتی تێڕوانینی خۆی بەکارییيانبەرێت. بەتایبەت بزوتنەوە خوێندکاری‌یەکان کەسەرچاوەی پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگان و وەك دەوترێ نەوەی پاشەرۆژن بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی وشیاری کۆمەڵگا وئەو بنەما و پنتەریشەیانەی کە لەمپەرن لەسەر ڕێی ساتەوەختە مێژوویەکانی گۆرانی پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا ، چونکە بزوتنەوە خوێندکاریەکان و بەتایبەت دوا قۆناغ کەزانکۆیە. دەبێ بەفیعلی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کارا و کامڵ بێت و هەڵگری پەیامێکی جیاواز لە پەیامی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری کۆمەڵگا بێت کە لەسەر ئاستی گشتی رەنگدانەوەیان لاوازە و وەکی ئەمان توانای گۆڕین و هەڵوەشانەوەی کارەکتەرە دیارەکانی شێواندنی کۆمەڵگایان نی یە و ناتوانن لە ماوەی نێوان

سەردەمێك بۆ سەردەمێكی تر ئەو رۆڵەی ئەوان بگێڕن ، بەڵام بەداخەوە ئەم بزوتنەوەیەش لەبزوتنەوەكانی تردەچێت لەژێر چاودێری و تێڕوانینی حزبی دەسەڵاتداردا پرۆژە و بەرنامەی كاری خۆی هەڵدەسوراند و تا ماوەیەك بەر لەئێستاش حزبی دەسەڵاتدار كاری لەسەر دەكرد. بەڵام خۆشبەختانە و دوای ئەوەی درك بەراستیەكانی ژیانی بزوتنەوەی خوێندكاری كرا. وا لە هەموو زانكۆكانی كوردستان و كۆلێژ و بەشەجیاجیاكانی ئەم بزوتنەوە مەتلەبیە دەستی داوەتە مانگرتن و بەرزكردنەوەی داوا و داخوازیەكانی و دەیەوێ چیتر پەراوێز نەخرێ و لەنێو رۆتینیاتی تێفكرینی سیستەمی سیاسی دا و لەچوارچێوەی راهێنانی سیاسیانەی بەرژەوەند خوازی حزبی دەسەڵاتدار دا هەڵسوكەوت نەكات. چونكە تا چركە ساتی ئەمڕۆش زانكۆ لەلای ئێمە نەبووەتە ئەو ناوەندە زانستیەی كە وەك تەواوی زانكۆكانی دنیا خوێندكار تێیدا فێری زانستی و زانیاری و بیركردنەوەی ئەقلانی و سەربەخۆبێت لەتەواوی ئەو رەخنە و دەستنیشان كردنە ناتەندروستانەی كە هۆكارن لە ئیفلیج كردنی كۆمەڵگادا.

زانكۆلەم وڵاتە بەهۆی گەندەڵی و گرنگی پێنەدانەوە نەبووەتە شوێن و جێگەیەك خوێندكار لەسەر بنەمایەكی زانستی ببێتە خاوەنی ئەقلیەتێكی كراوەو بەنرخ كەسود و قازانجی بەشێوەیەكی میتۆدیانە و مەعریفیانە بگەیەنێتە خوارەوەی خۆی و شۆڕی كاتەوە بۆ نێو پێكهاتە گشتییەكانی كۆمەڵگا و تێڕوانێنێكی مەعریفیانەی هاوچەرخ بەرهەم بێنێت.

بە پێچەوانەو بەهۆی گەندەڵی ئیداری و رۆتینیات و بیركراسیەتی سیستەمی سیاسی یەوە زانكۆ و ئاستی زانكۆ لە ئاستی پەیمانگاكان تێپەڕناكات و ئەو بابەتانەی دەخوێندرێن و ئەو گوتار و میتۆدانەش كاری لەسەر دەكرێت مەسەلەی گرنگ و پڕ بایەخ ناخاتە روو بگرە زۆر جار پەیوەندیشیان بەكات و قۆناغی ئامادەبوەوەنی‌یە و بەكورتی هۆكارنین لە پێگەیاندنێكی مەعریفیانەی ئەو تۆ كەئێمە لەداهاتوو خۆمان و دەوروپشت و كلتورو دەرو دراوسێ و روودا و مەسەلە هەستیارەكان بناسین و بیانكەینە بابەتی زانستی. ئەمانە و گەلك هۆكاری تریش وای كردووە ئاستی زانستی و تێڕوانینمان بۆ چەمكە جیاجیاكان بە گەندەڵی و رۆتینیاتیشەوە ئاستێكی نزم بێت . لەنزم بوونیشدا بەد حاڵی بوون و ناشارەزای بەرجەستە دەبێت و دەبێتە فاكتەرێك لەوەی ئێمە بەردەوام درێژە بەگەندەڵی ئیداری و ئەخلاقیمان بدەین. كە گەندەڵی و رۆتنیاتی ناراست و كارنەكردنی نا بابەتیانە بووەتە بنەمای بەرێوەچوونی سیستەمی سیاسیمان و وەك تۆڕی جاڵجاڵۆكە هەموو جەستەی كۆمەڵگای كوردی تەنیوەتەوە و وەك خۆركە لێ ی دەخوات. لەبەرامبەر ئەمەش وبۆ كەمكردنەوەی گەندەڵی ونەهێشتنی رۆتینیات وبیرۆكراسیەت لە فەرمانگەو دام ودەزگاكانداو پاك بوونەوەی تاكەكانی بەرێوەبردنی كۆمەڵگا لەو بابەتە بێكەڵكانەی كە ئاماژەم بۆی كرد لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا دەبێ لایەنی دەسەڵاتدار سەرەڕای خزمەتكردنی ئەم بوارە زیاتر و زیاتر دەستداتە دروستكردنی پردی بەهێزكردنی پایەكانی زانستی گشتی وئەم بوارە پشتگوێ نەخات و كار لەسەر جێ بەجێ كردنی داواو داخوازیەكانیان بكات كەلەسەریەك كەڵەكە بووەو چارەسەركردنیان ئاسان نی‌یە لەم قۆناغە هەستیارەدا لەو ولاشەوە دەبێ خوێندكاران و قوتابیانی زانكۆكانمان وەك چۆن دەیانەوێ زانستیانە مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت. دەبێ ئەوانیش لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەكی كاراو كارامەدا و بەشێوەیەكی زانستیانەو بە تیفكرین و خوێندنەوەی واقعی كۆمەڵایەتی و كلتوری بەشیكاركردن و هەڵسەنگاندنی مەسەلەكانی تایبەت بە خۆیاندا بچن و كۆمەڵێك ئەرك پشتگوێ نەخەن كە لە جێبەجێ كردنیدا بەزیانی ئەو دۆخە بشكێتەوە كە ئێستا شێوازێكی بابەتیانە و هاوچەرخانەی لە خۆگرتووە. دەبێ خوێندكاران و قوتابیان ئەو شەرە مەتڵەبیە لیبراڵ و ماركسیانەی كە لەسەرتادا پەنجەم خستەسەر بكەنە ئەركی سەرەكیان و هەوڵدەن بۆ بەدەستهێنان و مەیسەركردنی داوا و داخوازیەكانیان و گۆڕینی ئەو پەیوەندیە نالۆژیكیەش كە لەنێوان دەسەڵاتدار و پێكهاتەی گشتی لە كۆمەڵگادا دروست بووە و بوەتە هۆكار و فاكتەری لەیەك تێنەگەیشتن و ناحاڵی بوون ، دەبێ ئەم بزوتنەوە تازە پێ گرتووە مادامێك بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی مەتلەبیەو تێڕوانین و لێكدانەوەی جیاوازە لە تێڕوانین و لێكدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی. كە هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی

کورسیەکەیدایە. لە هەوڵ ئەوەدابن کە دادوەری کۆمەڵایەتی بونیادبنێن و رێگەنەدەن لایەنی سیاسی دەسەڵاتدار لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا بەردەوامبێت لە خراپ بەکاهێنانیپرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان و یاسا شکێنی بکەنە سترۆکتۆری سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا.

دەبێ ئەم بزوتنەوە خوێندکاریەی کەسەری هەڵداوە و داوای دەستە بەرکردنی مافەکانی دەکات لەسەر ئاستی زانکۆکان کاربکات لەسەبنەمای دادوەری کۆمەڵایەتی و داوای زیاتر بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیە کراوەو دیموکراسیە بکات کە لەنێو پۆل و گۆرەپانی زانکۆ و پەیمانگاو قوتابخانەکاندا زۆر بە لاوازی هەستی پێ دەکرێت و لەوێشەوە مەسەلەکە بگوێزنەوە نێو کایە کۆمەڵایەتیەکانی تر و کۆمەڵگا رابێنن لەسەر ئەوەی چۆن دەبێ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان سوربن لەسەر هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاو پنت و بنەماکانی کە هۆکارە بۆ فەراهەم بوونی ژیانی دیموکراسیانەو بەدەستهێنانی دادوەری کۆمەڵایەتی و بەرجەستەبوونی رای گشتی کە بتوانێ ببیچتە هێزی فشار بۆ سەر هەڵەو کەم و کورتی و گەندەڵیەکانی سیستەمی سیاسی کە پایەکانی دەوڵەت و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوەو بۆتە هۆکاری دواکەوتن و بەرجەستەبوونی سستی لە گۆڕان و بەرەوپێشچووندا، چونکە هەموو ئەمانە لەمەسەلەی بچوك و کاڵەوە دەستپێدەکەن و گەورە دەبنەوە و وادەکەن ببنە فاکتەری گۆڕانی ریشەیی و گشتگیر لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا .

دیارە کۆمەڵگای کوردیش لەم دۆخەدا پێویستی بەوشیاریەکی بابەتیانەی ئەو تۆهەیە کە بتوانێ لە هەموو ئاستەکاندا بەرگری کاربێت و بەرهەم هێنانیشی ئاسان و سادەو ساکارنیە و دەشێ کاتی بوێت. بەڵام هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی نا ئەقلانیەتی مامەڵەی رۆژانەی سیستەمی سیاسی لەم وڵاتەدا پێویستی بەو وشیاریە بابەتیانە هەیە کە گوتار و دیدو تێروانینە گەندەڵەکان و وێناکردنە ناتەندروستەکان بۆ سیستەمی سیاسی کۆمەڵگای کوردی وەلاوەخات و بتوانێت ماڵێك لە ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی و بهای دیموکراسی بەرجەستەبکات و پاوانخوازی و مۆنۆپۆلیزە کردنی دەسەڵات و ململانێ قەیراناویەکانی کورسی دەسەڵات بخاتە دەرەوی چوارچێووەی خواستی گشتی کۆمەڵگای کوردیەوە و بیکاتە مەسەلەیەك تەنها ئێمە بزانین و هیچی تر.